# ئەو دۆزەخەی کە ناشاردرێتەوە

## بۆ ڕێزلێنان لە هەموو ئەو شەهیدانەی کە بە گازی کیمیاوی شەهید کران

**کاوە ئەمین**



دۆزەخ ئا بەم شێوەیە بوو: ڕۆژیی ٣ مای ١٩٨٨، کیمیازان عبدول قادر عەسکەری لە دورەوە چاوی لە گوندەکەی خۆیی گۆپتە، لە باشووری کوردستان، دەکرد، کە ژەهرباران دەکرا. هەر کە غیرەتی دایەبەرخۆیی، بە دودڵیەوە یەکسەر خۆی گەیاندە ناو ماڵەکان:" چاوم بە دایکم کەوت کە لەلای ئەو جۆگەیەی پشت ماڵەکەمانەوە، کەوتبوو. دەمی چەقیبووە ناو ئەو پەینەی کە هی مەڕ و ماڵاتەکەمان بوو. ڕوویم وەرچەرخان، مردبوو. دەمویست ماچی بکەم، بەڵام دەمزانی کە ژەهرەکە منیش دەگرێتەوە[. . . ] بە قەراخ جۆگەکەدا ڕۆیشتم. تەرمی کچە نۆساڵەکەمم بینی کە باوەشی کردبوو بە ئامۆزاکەیدا، ئەویش لە تەنیش ئەو جۆگەیەوە خنکابوو. بە چواردەوری خانووەکەدا خولامەوە، لە ڕوبەرێکی ٢٠٠ تا ٣٠٠ مەتری چوارگۆشەدا زۆر لە جەنازەیی ئەندامانی بنەماڵەکەمم بینی. لەو ناوەدا تەرمی منداڵەکانم، باوکم، براکانم و برازا و خوشکەزاکانم کەوتبوون. هەندێک لەوان هێشتا گیانیان لەدەست نەدابوو، بەڵام ئاسان نەبوو، مردو و زیندو لە یەک جیابکەیتەوە. لە سەرەتادا بە دوایی ئەو منداڵانەدا دەگەرام کە هێشتا گیانیان لەدەست نەدابوو. ئیتر من لەو چرکە ساتانەدا ئیحساسی خۆم لە دەست دابوو. نەم دەزانی بۆ کامیان بگریم یاخود لە تەنیش کامیانەوە دانیشم. ئەو شەوە هەمووی بە تەنها بووم".

گۆپتەپە یەکێک بوو لەو ٤٠ شوێنەی کە لە کاتی شاڵاوی کۆمەڵکوژیی سەددام لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨، کەوتبووە بەر شاڵاوی کیمیاوی بارانەوە. لە هەموویان ناسراوتر کۆمەڵگایی شاری هەڵەبجە بوو، کە لە مانگی مارسی ١٩٨٨ بە گازی سیانید و خەردەل و تابون هێرشی کرایە سەر و بووە هۆی کوشتنی پێنج هەزار کەس. بە گشتی ١٠٠٠٠٠ (سەد هەزار) کورد لە سێدارەدران، کوژران یا خود بە کیمیاوی لە ناوبران. هەزارەها گوند کاول و وێران کران و خەڵکەنیان ڕاگوێزران بۆ ئوردوگایی زۆرەملێ. سەددام حسێن، عێراقیکی عەرەبی بێ کوردی دەویست.

کاتێک شەری عێراق و ئێران کۆتایی هات، سەددام درێژەی دا بە لە ناوبردن و ژەهرباران کردنی کوردەکان. ڕۆناڵد ڕێگن، لە لایەن ڕۆژنامەنووسانی خۆیان و کاربەدەستانی وڵاتەکیانەوە خرایە ژێر فشارەوە، بەڵام ئەو ڕازیی نەبوو ڕژێمی عێراق ڕیسوا بکات. بەهانەکەشی ئەوە بوو: عێراق سیاسەتی کۆمەڵکوژیی پیادە نەکردووە، بەڵکو سەرهەڵدانی کوردەکانی خامۆش کردبوو، دەکرێت بە شێوەیەکی وەحشیانە بوو بێت، بەڵام هاوتابوو لەگەڵ پرسنیپەکانی سەرداریتی نەتەوەیی National Sovereignty.

لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر شایەتی زیندووش هەبوون، بەڵام کۆشکی سپی قوڕوقەپی لێ کرد، هەتا ٨ سێبتێمبەر، ئەوە بوو بە ناچاری دانیان نا بەوەی کە ڕژێمی عێراق کیمیاوی بەکارهێناوە. بەڵام لە سەرەتایی ساڵی ١٩٨٩ دا جۆرج بوش وەکو هاوپەیمانێک لە عێراقی دەڕوانی. پاشان کە عێراق کوەیتی داگیر کرد هاوکێشەکان گۆڕان. مانگێک لەمەوپێش کاتێک تەلەفزیونی (CNN) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆناڵد ڕومسفیلد کرد لە مەڕ هەڕەشەی شەڕی ئەمریکا لەگەڵ عێراق، لە پرێکدا وێنەکانی ئەویان لەگەڵ سەددام حسێن پیشاندا. ڕامسفیلد لە ستودیوکەدا بە خۆیا شکایەوە و نوتقی قسەکردنی

www.kurdistannet.org

له دەست دا. له ماوەی چەند چرکە ساتێکدا ئەو مێژووەی کە لە دەنگی سکەی شەمەندەفەرێکی بارهەڵگرتوو دەچوو کە لەدورە دێت، بەردەوام بوو.

لە بەرنامەی" گرفتێک لە دۆزەخەوە a problem from hell "، سامانس پاوەر ئەوە نیشان دەدا کە چۆن بەشێوەیەکی وەحشیانە کارەساتەکان دوبارە دەبنەوە. هەمیشە سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا باسی ئەوە دەکەن کە دەبێت ڕێگا لە کۆمەڵکوژیی بگیرێت. بەڵام کاتێک کە لە پراکتیدا ڕوودەدەن، ئەوان خۆیان دەشارنەوە. پاول لە سەر ئەو باوەرەیە کە تەنانەت ئەوان بەشێوەیی جۆراوجۆر کارئاسانیش دەکەن بۆ کۆمەڵکوژییەکان، بەهەرحاڵ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی کە لە عێراق و ڕەوەندا دا ڕویدا، قسەکانی دروستن. پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئەمریکا چۆن مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵکوژیەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو کردووە لە کەمبۆجیا، عێراق، ڕەوەندا، بۆسنیە کە لەلایەن سامانسا پاولەوە لێکۆلینەوەیان لەسەرکراوە.

هۆی هەرەسەرەکی کە بەکاردەهێرێت بۆچی کەس دژیی ئەو کۆمەلکوژیانە بەدەنگ ناهەتووە، دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی زانیاری. بەڵام ئەم بەهانەیە پارێزگاری کردنێکی ساختەیە و هەر لەسەردەمی کۆمەڵکوژیەکەی ئەرمەنیەکانەوە لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە کاوێژ دەکرێتەوە. ئێستا ئەم قسانە وەکو شتێکی بێ نرخ چاوی لێ دەکرێت. ئەوەی کە جێگایی گومانە و لە کتێبەکەی پاولدا پەردەی لەسەر هەڵدەماڵرێت ئەوەیە کە دامودەزگاکانی دەوەڵەتی ئەمریکا تا چ ڕادەیەک ویستویانە ئاگاداری کۆ بکەنەوە. لەسەردەمی شەڕی بۆسنیەدا، گروپێک لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەرقاڵی کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانە بوون کە بڵاودەکرانەوە. لە ڕێگای وێنە سەتالیتەکانیانەوە هەموو جموجولێکی گروپەکانی بۆسنیەیان کۆنترۆڵ دەکرد؛ ئەوان دەیان زانی کام گوند دەسووتێ و کام گوندیش ڕۆژی دوایی دەسوتێنرێت. شەوانە ئەو ڕوناکاییە بچکۆلانەیان دەدیت کە وەک خاڵێکی سور وابوون، ئەوانیش ئەو ئاگرانە بوون کە خەڵکی بۆسنییە لە ناو دارستانەکاندا هەڵیان دەکرد، تا خۆیانی لەبەر گەرم بکەنەوە. ئەمە ئەو وێنانەن کە لە بیرناچنەوە لە لایەن ئەو دەسەڵاتە مۆدێرنانەی کە کۆنترۆلیان دەکرد.

کاتێک سەددام حسێن کوردی دەکوشت، فەرەنسا چەکی پێ دەفرۆشت و شەریکە ئەڵمانیەکانیش گازی کیمیاویان بۆ دەنارد، هەر بۆیە ئەو پەڵە شەرمەی وا بەناوچاوانی ئەمریکاوە، وا بە ناوچاوانی ئەوروپاشەوە. خەجاڵەتیەکە هەمە لایەنەیە.

هەڵوێستی دنیایی ڕۆژائاوا بەرانبەر ئەو تیرۆرانەی لە کامبۆجیا دەکران، خراپترین نمونەی هەڵوێستی ئەخلاقی و سیاسییە لەکۆتایی سەدەی ڕابردودا. لە کاتی کۆمەڵکوژیەکەی کەمبۆجیادا، تەنها جارێک ئەو کێشەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا قسەی لەسەر کرا، ئەویش لە سەر داخوازی وڵاتێک. ئەمریکا پاشان هاوکاری سیاسی و ئابووری گریلاکانی پۆل پۆتی کرد، بۆ هاتنەسەرکاریان جارێکی تر، دوای ئەوەی کە ڤێتنام خۆی لە کێشەکە هەڵقورتان.[١]



لە کاتێکدا کە ئەم ساڵ یادی هەڵەبجە وەکو سیمبولێک بۆ تراژدیەکانی کورد، دەکەینەوە، کوردستان ڕوبەڕوی هەڕەشەی جۆراوجۆر بووەتەوە. لە لایەک دەوڵەتی فاشستی تورک دەیانەوێت باشووری کوردستان داگیر بکەن، لەلایەک مەترسی ئەوە هەیە کە سەددام وەکو کەسێکی دڵ پڕلەخوێن لە کورد، دوا تیری ژەهراوی خۆی ئاڕاستەی گەلی کورد بکات. ئەوەی کە جێگایی خۆشحاڵیە لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەی دوایدا ئەوەیە، کەهیچ کاتێک، کورد و پارتە سیاسیەکانی کوردستان هێندە

---

[1] ئەم وتارە بە شێکە لە وتارێکی درێژیی (Per Wirtén)، لە بەشی کلتووری ڕۆژنامەی داگینس نیهێتەری ڕۆژیی ١٥ نۆڤەمبەر ٢٠٠٢، بڵاوکراوەتەوە.

له یەکەوە نزیک نەبوون وەکو ئێستا، ئەگەرچی ئەو نزیکییە لە بڕوایەکی پتەوی نیشتمانیانەوەش نییە، بەڵکو دەستی دەرەکیشی تێدایە، بەڵام گەلی کورد دەبێت بە باشترین شێوە سود لەم تەباییە وەربگرێت و بیخاتە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەییمانەوە. نابێت بە هیچ جۆرێک ڕێگا بە هیچ هێز و لایەنێک بدرێت کە درز بخاتە ئەم یەکگرتوویەی کوردەوە. باشترین و وەفادارترین شت بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال پاراستنی یەکیەتی کوردە. لە ڕاستیدا گەلی کورد یەکیگرتووە، ئەگەر پارتە سیاسیەکانی کوردستان هەڵی نەوەشێننەوە بۆ بەرژەوەندی پارتایەتی و ناوچەگەریێتی. ئێمە دەبێت جامانەکەی (عومەری خاوەر) بکەین بە ئالایەک و لە گۆرەپان و شەقام و خوێندنگا و مزگەوت و کەنیسە و بارەگا و سەربانی هەموو ماڵێک، هەڵی بکەین و بچینە ژێری. چونکە هەرچیەک بکەین و هەرچیەک بنووسین بەقەد قورسایی تاکە نە علێکی ژنە شەهیدێکی هەڵەبجە سەنگی نییە.




تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣